**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە (18)ی رۆژی (2007/10/31) یدا بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە( 29 )ی ساڵی / 2007**
**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی فیدراڵی ژمارە(51)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەکەم:**
یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی عیراقی ژمارە(51)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێ و کار بە حوکمەکانی دەکرێت تاکو یاسایەکی تایبەت بە رێکخستنی بریکارنامە ی بازرگانی لە هەرێمدا دەردەچوێنرێ.

**ماددەی دووەم:**
دەستەڵاتەکان ولایەنە فەرمیەکان لە هەرێمدا جێی دەستەڵاتەکان و لایەنە فەرمیە فیدراڵییەکان دەگرنەوە لەهەر شوێنێك ناویان لە یاسای ژمارە (21)ی ساڵی 1997دا هاتبێ.

**ماددەی سێیەم:**
ئەو رێکارانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بریاریان لەسەر دراوە، بە ئوسوولی و بەرکار دادەنرێن.

**ماددەی چوارەم:**
وەزیرەکانی دارایی و ئابووری و بازرگانی بۆیان هەیە رێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی پێنجەم:**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بلاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

## - هۆیه پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -

لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانداو لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە(11)ی ساڵی 1992ی پەرلەمان کارکردنی بەو یاسایانە قەدەغە کردووە کە پاش کێشانەوەی ((ئیدارات)) لە 1991/10/23 لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوون، مەگەر دوای شەرعییەت پێدان بەکار پێکردنی بێ لە هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوەو، لەبەر پێویستی هەرێم بە یاسای ناوبراو تا کاتی دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە (36) لەساڵی 2007 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا**